# جەنگی ناوخۆی کۆنگۆ

## لە نێوان حکومەت و بزوتنەوەی (23) مایس



ئا: رێبین مەجید

سەرباری بوونی زیاتر لە (17)هەزار هێزی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان لە کۆنگۆی دیموکراتی، جارێکی تر جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتە سەریهەڵداوەتەوە و لە رۆژی (20)ی نۆڤەمبەری رابردووەوە شۆرشگێرانی سەر بە بزوتنەوەی (23)ی مارس لە خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە هێرشەکانیان چڕ کردوەوە و شاری گۆما کە ناوەندی پارێزگای کیڤۆی باکورە و ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە یەک ملیۆن کەسە و شاری ساکەی و شاری بۆکاڤۆی سەر بەو پارێزگایەیان خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و هەڕەشەی بەردەوامبوونی هێرشەکانیان کرد بۆسەر کینشازای پایتەخت.

بەرهەڵستکارانی سەر بە بزوتنەوەی (23)ی مارس داوایان لە جۆزێف کابیلای سەرۆکی ئەو وڵاتە کرد دەستلەکاربکێشێتەوە و هەڕەشەی ئازاد کردنی سەرجەم شارەکان و روخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی کۆنگۆیانکرد.

بە هۆی دەستپێکردنەوەی جەنگی ناوخۆی کۆنگۆوە کە ماوەی پێنج مانگە سەریهەڵداوەتەوە و سەدان کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە و زیاتر لە 500 هەزار کەسیش ئاوارە بوون.

لەو بارەیەوە ئادریان ئیدڤاردز، وتەبێژی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان ئاشکرای کرد، لە دوای هێرشەکەی ڕۆژی سێشەممە (20)ی نۆڤەمبەری بەرهەڵستکارانەوە بۆ سەر شاری گۆما لە کۆی (31) کامپی ئاوارەکان ڕێکخراوە مرۆییەکان تەنها دەستیان بە یەک کامپ دەگەیشت بۆ ئەوەی هاوکاری مرۆیی بە ئاوارەکان بگەیەنن.

هاوکات ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کردوە کە بە هۆی توندبوونەوەی پێکدادانەکانەوە زۆرینەی بریندارانی جەنگەکە دەرمانیان بەدەست ناگات و مەترسی ڕودانی کارەساتی مرۆیی لە ناوچە جەنگیەکاندا لە ئارادایە و هۆشداریشدا سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلیرا لە خۆرهەڵاتی کۆنگۆدا.

دوای ئەوەی سەرۆکی ژمارەیەک لە وڵاتانی دراوسێی کۆنگۆ کە بە وڵاتانی دەریاچەی گەورە ناسراون کۆبوونەوە و سەرکردەی بەرهەڵستکاران و سەرۆکی کۆنگۆش بەشداری بوون لە سەر کشانەوەی هێزەکانی 23ی مارس لە شاری گۆما و دەوربەری ڕێکەوتن و پاش چواردە ڕۆژ لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەڵستکاران لە شاری گۆما کشانەوە و بە گوێرەی ڕێکەوتنەکە لە 20 کیلۆمەتری شارەکە جێگیربوون و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کۆنگۆ گەڕاونەتەوە ناو شارەکە.

ڕێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانی بۆبەرگری لە خەڵک(CNDP) ڕۆژی 23ی مارسی ساڵی 2009 ڕێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی کۆنگۆ ئیمزا کرد و بڕیاربوو بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە سەرجەم چەکدارانی سەر بە هۆزی توتسی لە ناو سوپای ئەو وڵاتەدا تێکەڵ بکرێن، لە مانگی نیسانی ڕابردوودا ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپای کۆنگۆ بە بیانوی ئەوەی حکومەتەکەی جۆزێف کابیلای سەرۆکی ئەو وڵاتە بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەی پێشێلکردوە جیابوونەوەی خۆیان لە سوپای کۆنگۆ ڕاگەیاند و بزوتنەوەی 23ی مارس یان (ئێم 23)یان پێکهێنا و جارێکی دیکە چەکیان هەڵگرتووەتەوە و خەباتی چەکداریان دەستپێکردوە.

جۆزێف کابیلاش حکومەتی ڕوانـدا بە هاوکاری کردنی شۆڕشگێران تۆمەتبار دەکات.

لە ساڵی 1998وە شەڕو پێکدادان لە خۆرهەڵاتی کۆنگۆدا لە چەند قۆناغی جیاجیادا بەردەوام بوو تا ئێستا نزیکەی 6 ملیۆن کەس بەو هۆیەوە گیانیان لە دەستداوە.

ژەنراڵ سوڵتانی مەکنگا سەرکردەی شۆڕشگێڕانی 23ی مارس

ئاشکرای کرد، لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی نێوان چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا و بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ئاشتی و ئارامی بە تەواوەتی لە شاری گۆما و چەند شارۆچکەیەکی دەوروبـەری کشاونەتەوە کە ماوەی 14 ڕۆژە کۆنترۆڵیان کردوە و لە ئێستادا هێزەکانیان بە گوێرەی ڕێکەوتننامەکە لەدووری 20 کیلۆمەتری شاری گۆما جێگیرکراون و نزیکەی 300 هێزی پۆلیسی کۆنگۆ بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی شارەکە لە ئێستادا لە شاری گۆما جێگیرکراون.

بەرهەڵستکارانی 23ی مارس هەڕەشەی ئەوەیان کردوە ئەگەر حکومەت مەرجەکانیان جێبەجی نەکات جارێکی دیکە هێرشەکانیان دەستپێدەکەنەوە. هاوکات ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕاپۆرتێکدا هەردوو لایەنی سوپای کۆنگۆ و بەرهەڵستکارانی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ تۆمەتبارکرد و لە ئێستاشدا گفتوگۆی نێوان حکومەت و بزوتنەوەی 23 مارس دەستپێکردوە

| | |
|---|---|
| ناوی وڵات | کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی |
| پایتەخت | کینشازا |
| زمانی ڕەسمی | فەرەنسی |
| جۆری دەسەڵات | کۆماری |
| سەرۆک | جۆزێف کابیلا |
| سەرۆک وەزیران | ئادۆلۆف مۆزیتۆ |
| سەربەخۆیی | 1960 لە بەلجیکا |
| پانتایی | 2،344،858 کیلۆمەتری چوارگۆشە |
| ژمارەی دانیشتوان | 62،000،000 |
| دراوی یەکگرتوو | فرانکی کۆنگۆ |
| ناوچەی زەمەنی | WAT |
| کۆدی ئەنتەرنێت | CD. |
| کۆدی تەلەفۆن | 00243 |

بزوتنەوەی 23ی مارس

| | |
|---|---|
| بەرواری پێکهێنان | مانگی نیسانی 2012 |
| شوێنی چالاکی | خۆرهەڵاتی کۆنگۆ |
| سەرکردە | سوڵتانی ماکنگا و ژان ماری |
| هۆز | توتسی |